# چوار چیرچیرۆکە شیعر

**نووسینی: حەمەفەریق حەسەن**
www,hemefarik@yahoo.dk

## شارێ

ئەم شارێ توولانییەی وا دەبینی؛ لە پادەشتەوە بۆ ناو زورگەکان و لەوێشەوە بەرەو دۆڵ و چیاکان دەکشێ ؛ مینا درەختێکی زەلام سەدان لکی لێدەبێتەوە.. سەر بەلای هەموو ماڵ و سیماڵیکدا لاردەکاتەوە و ماندو نابێ.. ئەم شارێیە دەیان لەشکر و کاروانی جەنگی پێدا ڕەتبوو.. ئەسکەندەر، هۆلاکۆخان و تەیمووری خزمی، تاعونی بەعس، فایلرەش و جلخوار و کۆکوژچییەکان، هەموو لێرەوە ڕەتبوون.. ئەم شارێیە وەک ئێستانەبوو.. دوولانە (سایەد) بوو.. لایەکی گوڵاڵە و نێرگس و حاجیلە و وردەگیا و بەرەزە و هێلانەی باڵندە و هەرچی دڵ بیخوازێ بوو.. ئەولاکەشی درکوداڵ و چقڵ و کەرتەش.. لە چوون و گەڕانەوەیاندا، ئەوان گشتیان، لای یەکەمیان کردە پێخوست.. بەسمی ئەسپ و چەکمە و پۆستاڵ و کلاشەکانیانەوە، سۆل سا، یەس یەم.. لێفت ڕایت.. چەپ ڕاست.. گوڵاڵە و نێرگس و حاجیلە و وەردەگیا و بەرەزە و هێلانەیان شێلا.. ئەوەی بدرەوشێتەوە کوشتیان.. شتاقیان پێیان لە چقڵ و درکوداڵ و کەرتەش نەنا.. بۆیە نەهۆ، باخەوان لەوێ، هەرچی دەکا و دەکۆشێ، ولات بەسەر چقڵ و درکدا دەڕووخێ و گوڵ شین نابێ.. بۆیە ئێستا گوێت بەچرپەی ئاسک و پرمەی بەرانەکێوی و هۆهۆی کاکۆتر و قاژەو هاژەی باڵی هەڵۆو قیژەی قژاکە و چریکری بانگخۆشکە و شلێپ و کۆی سەرسەوز و پۆڕچین لە دەوری حەوزان و زریوەی بووکە دۆمانەی سەر چڵەپۆپە نازرنگێتەوە.. ولاتی گوڵی نایلۆن و بارەبارێ فەتەرۆیە.

فەتەرۆ: گۆرانییەکی زۆر ناخۆشی سەردەمی حەفتاکانی کوردستانی باشوور بوو.

## چاوەزار

بۆ ئیبراهیمی کاکی لە(بانە)، پێشکەش

خوا کەیەکتگرێ، خۆ تۆ باڵدار نیت؛ پێمناڵێی چۆن پەڕیویتە ئەو تاقی ئاسمانە؟ تۆی شەمامەی وەرزەکان دەنەخشێنی یان وەرزەکان تۆ؟ تۆی خاسە ڕەنگە زەرق و بەرقە کریستاڵییەکان دەگریتەوە و بەدەوروبەردا دەیانپرژێنی یان ڕەنگەکان تۆ دەنەخشێنن؟ ئا شتێک لەو خەرمانەی شکۆیەی شانت داماڵە با شەرمم بشکێ و چاوم هەڵبێ و زارم گۆبکا لەگەڵت بدوێم.. ئەو باڵایەت کەمێ دانەوێنە، با هەستی کەمایەسی تێمنەئاڵێ و نەبم بەتنۆکێ ئاو.. خۆ من لەسەر نووکی پێش ڕاوەستم هێشتا هەر دەستم ناگاتە چاکی دامانت. دا نەختێ چراخانی درەوشانەوەشت کزکە، با ئاوی چاوم، نەڕژێ لە حزوورتا.. ڕستێ مووررووی چاوەزار بکەرە ئەو گەردنە زراڤەت و کووژەکەیەکیش بە هەنیەتدا ئاوێزانکە با لە نفووسی پیس بەدووربی. تاکەی لەو بێدەنگییە سینەماییە بەسامەدا قەتیس دەمێنی؟ ئەوە کەینێ ئەو سەرپۆشی شینی پرسەیەی ئاسمان وەلادەنێی و تارایەکی بەخوێنی گێلاسی تەکدانەی سەردەشت ڕازاوە ؛ بەسەردا دەدەی و حەوت شەوو حەوت ڕۆژان دەدەی لە گرمەی دەهۆڵ و پیقەی زوڕنا، ئەی ئاربەبا؟

### نەیجە

خۆمن نەیجە نیم نەچەمێم. ئەوان نەیجەن و خەم ناخۆن؛ بۆیە باڵایان ناچەمێ.! بەسروەی نەرمەبایەکێش دێنە سەما. بەم درەنگانی شەوە گوێم بەلیقەلیقی پێکەنینیان دەزرنگێ. دنیا وایە..گەر خۆشەویستی نەبوایە گوڵەباخ وا، سوورێکی پاراو نەدەبوو. خەم نەبووایە، پرچی ئەو کچەش هیند ڕەش و وەنەوشە شین و سەرکز و چاوی نێرگز و خەزانیش، وەک ڕوخساری نتمی من زەرد نەدەبوون..! ئەوێش وایە.. هەر کێفی دەبینی نوقمی تەم و خەم و

گومانە و سەری غەریبیی بەسینگی کێفەکەی پاڵیدا ناوە.. ناوە ناوە، گوێ بۆ ترپەی دڵی دەگرێ، بزانێ مردووە یان ماوە؟. دەوەنە سوورەپەلەکانیش هەروان، وەک ئەوانیش سەر بەتوخماتی هەور بن، بەدەم خۆ ڕاژەندن و قوڵپی هەنیسکەوە سەریان هەڵدەکەندرێ و دەگرین.. هەتا خانووە قەموورەکانی شاریش سەریان بەیەکدا کردووە و دەکڕووزێنەوە. ئیدی من چۆن بەم خۆڵەمێشی تەمەنە بۆ نەهامەتییەکان نەگریم؟

دەوەنی سوورەپەل: ئەو دەوەنە داربەڕووانەی تا ساڵ تێوەرنەگەڕێتەوە و بەهار نەیەت گەڵایان ناوەرێ.

## پرخەی دەریا

ساڵانێکە ئەم شینە دەریا پان و پۆڕە لەملامەوە ڕاکشاوە و پرخە پرخی تا وڵاتی سوید دەگا. کەچی کاتێ بەیادی ئەوسای شەقامی برایم پاشا، دەخوازم ئێوارە پیاسەیەکی بەسەردا بکەم؛ ئای لەو بەدئیقباڵییەم؟!.. لە شیرین خەو ڕادەپەڕێ و بەتەمای خنکاندنم هەردوو لاقم بۆ هەناوی ڕادەکێشێ.. ئەوە ساڵانێکە ئەم چیا سەخت و ڕکە بەری ڕوانینی لێگرتووم و بەئامان و زەمان ناجووڵێ. بێزی نایە بۆ جارێکیش سەرێ بەلای ئەو هەموو گوڵ و گیا و گاشەبەرد و درەختانەی دامێن و قەدپاڵیدا لار بکاتەوە و بەلووت سڵاوێکیان لێبکا.! زەمانێکە ئەم هەورە ڕەشە ماخۆلان گرتووانەش، بە ئاسمانی بان سەرمەوە فڕکەیان دێ؛ دێن و دەچن. تێکدەئاڵێن.. دەگرمێنن و نابارێن.. چەند ڕکیان لە هەرزانییە.؟! ئاسمانیان لێ تەنیوم.. نەئەوەیە ببارێن، نەئەوەیە ڕێم بدەن، جریوەی ئەستێرەیەکی ماندوو، کە ڕەنگە حەوتوویەک بێ لە ئاسمانی شارەکەمەوە بەڕێوەبێ، ببینم و ماچێکی بۆ هەڵدەم! یان هەرنەبێ بە دیمەنی وەنەوشەیی خۆر ئاوابوون چاوە سووتەمەرۆکانم برێژم. ئەم ڕووبارەش هەتا بڵێی بەرچاوتەنگە، تافە و هاژەی لەخۆی بڕیوە، نەبادا ڕێبوارێکی هەڵەتەی تینوو پێبزانێ و لە کەناریا لێوی تەڕکا. یان عەبداڵێکی گەڕیدە دەستنوێژێکی لێهەڵگرێ. کەچی ئەم درەختە (زان)ە، پرچ گەڵوازە بۆشناخانە، ساڵ دوانزەی مانگ دەستەوەنەزەر لە پێشوازیدا وەستاون. بۆ من و ئەفغانییە بێکارەکەی دراوسێشم؛ تەنانەت بۆ دڕکەکانیش فەرموو فەرموو فەرشی سێبەریان ڕادەخەن. ئەم بارانە بالا بەرزەش، چەند بەلوتف و دادپەروەرە؟!. ساڵی جارێکیش سەربدا، دڕکیش لەپاڵ گوڵاڵەدا تێرئاودەکا.!